# ڕێژنەی فانتازیا



باران

بەرزان هەستیار



سەگەکان ئەمانبەن بۆ ڕاو،
سەگەکان ئەمانکەنە پاسەوانی کۆشکەکانیان ،
سەگەکان بە نووکەشەق  خەبەرمان ئەکەنەوە
سەگەکان ناهێڵن برسییمان بێ و
پاشماوەکانی خۆیانمان ئەخەنە بەردەم !

❊❊❊

ماسییەکان دێنە سەر چۆمەکان و قولاپمان بۆ هەڵدەدەن،
ماسییەکان ئەمانخەنە سەبەتەوە و
لە دەشتێکا بە دەم گۆرانییوتنەوە ئەمانخەنە سەر خەڵووز!

❊❊❊

مەیموونەکان لەودیو تەلبەندێکەوە ڕامانئەگرن و
مۆزمان بۆ هەڵئەدەن و قا..قا پێمان پێئەکەنن !

❊❊❊

ئەسپەکان، بە قرچەی گەرما، غار غارێنمان پێئەکەن،
بە چلەی زستان ڕچەی بەفرمان پێئەشکێنن !
ئەسپەکان بارەتفەنگمان لێئەنێن

❊❊❊

بەرخەکان چەقۆ لە هەسان ئەدەن و
پێستیشمان ئەنێرن بۆ دەباخخانە

❊❊❊

ڕیشۆڵەکان لە ڕۆژێکی کرێوەدا...

برسێتییمان ئەکەن بە داوەوە و

بە قاچ هەڵمانئەگرن بەرەو بازاڕ !

❊❊❊

مێروولەکان بۆ خۆشیی خۆیان پێمان لێئەنێن و

خاکمان بە توورەکە ئەبێژن !

❊❊❊

درەختەکان پەلوپۆمان ئەبڕنەوە و

کوورەی پێ جۆش ئەدەن !

❊❊❊

گوڵەباخەکان، سەرمان بە لاسکی ملمانەوە ئەقرتێنن و

لە ژوانێکدا ئەیبەخشنە یارە بۆنخۆشەکانیان !

❊❊❊

شاتوو ، دامانئەتەکێنێ و

دەستەکانی دائەگیرسێن ، بە خوێنی هەڵوەرییمان !

❊❊❊

ڕووبارەکان پڕمان ئەکەن لە خاشاک و

دەموچاومان بە میز ئەشۆن !

❊❊❊

زەوی بە چەکی ئەتۆمی سەر تا خوار ئەمانکێڵێت !



## بەرزان هەستیار

- 1963 لە گەڕەکی « پیرمەنسوور» لە سلێمانی لە دایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە .
- « پەیمانگای هونەریی بەڕێوەبردن» بەشی گەنجینەکانی لە شاری موسڵ تەواوکردووە..
- لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بەرهەمی شیعری بڵاوکردوەتەوە.
- لە ساڵی 1995ەوە ڕووی کردۆتە ئەڵمانیا و سەرەتا لە شاری نۆرنبێرگ نیشتەجێ بووە،پاشان چووەتە شاری کۆڵن و تا ئێستا لەو شارە ژیان بەسەردەبات.
- لەو دەمەوەی لە تاراوگە دەژی لە گەلێک وڵاتی وەک ئەڵمانیا و نەمسا و هۆڵەندە و سوید و نەرویج کۆڕی شیعریی ساز کردووە.
- شەش دیوانی چاپکراوی هەیە.